# ئو خزم ودست استقن ن ا ب ا دداتو، بام خزم ودست استقن ئو س ئر برامبر وند خزمات اند ئو هر وند دنت

له عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«ئەوە خزم ودۆستی ڕاستەقینە نیە کە چاکە بە چاکە دەداتەوە، بەڵام خزم ودۆستی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە ئەگەر بەرامبەرەکەی پەیوەندی خزمایەتی پچڕاند ئەو هەر پەیوەندیەکە دەگەیەنێت».
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات مرۆڤی کامڵ لە گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی وچاکەکاری بە خزمەکان ئەو کەسە نیە کە بەرامبەر چاکە ؛ چاکەکار دەبێت، بەڵکو ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی بەکامڵی دەگەیەنێت ئەوەیە ئەگەر خزمەکەی پەیوەندی بپچڕێنێت ئەم دەیگەیەنێت، وئەگەر ئەوان بەرامبەری خراپەکار بن ؛ ئەم لەبەرامبەریان چاکەکار دەبێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3854